www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا28-6-2006 17:07:00

## هەڵبژاردەی هۆڵەندا بەیەکجاری ماڵئاوایی کرد، لە جامی جیهانی- مۆندیالی ئەڵمانیا


راپۆرتی وەرزشی

ئامادەکردنی: شاخەوان کەریم ئاکۆی- هۆڵەندا

akosha@hotmail.com


لە رۆژی 26ی ئەومانگەدا لە گۆرەپانی **نۆرنبێرگی** ئەڵمانیا، وەکو کەوا چاوەروان دەکرا یارییەکی زۆرگەرم و بەهێزو چارەنووس ساز لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی پۆرتوگال و هەڵبژاردەی هۆڵەندا ئەنجامدراو زیاتر لە 41000 کەس ئامادەی ئەو یارییە بوون.



لە ئەنجامدا یاریەکە کۆتایی هات بە 1- 0 بۆبەرژەوەندی پۆرتوگاڵ.

لە سەرەتادا هۆڵەندییەکان باش بوون و کۆنترۆڵی گۆرەپانیان کردبوو، هەرزوو ڤان بۆمەڵ ویستی لە خولەکی دووەمدا گۆڵ بۆ هۆڵەندا تۆمار بکات، بەڵام سەری نەگرت و ئەنجامەکەی بە کارتی زەرد بۆی گەراوە. بەمجۆرە چەندین دەرفەت هاتە پێشەوە بۆ هەردوولا بەڵام نەیانتوانی چیتر گۆڵ تۆمار بکەن.

ئەو تاکە گۆڵە ی پۆرتوگاڵ پاش ئەوە هات، کاتێک کە مانیچ- ی ژمارە 18ی پۆرتوگاڵ لە خولەکی 19.23 دا کارتی زەرد وەردەگرێت و ئیتر زیاتر هانی دەدات کە گۆڵ تۆماربکات، بەڵێ توانی لە خولەکی 23 دا زاڵ بێت بەسەر ئەدوین ڤان دەرسارـی گۆڵچی هۆڵەنداوگۆڵی خۆی تۆماربکات. یاریزانانی هۆڵەندا زۆر هەوڵیاندا گۆڵی بەرامبەر تۆماربکات بەڵام بێهودەبوو هێرشەکەیان سەری نەدەگرت و نەیانتوانی گۆڵی بەرەمبەر تۆماربکەن، سەرباری ئەوەی کە پۆرتوگالی-یەکان بە دەیاریزان یاریان دەکرد!.



ئەوەبوو تا دەهات یارییەکە گەرمتر دەبوو، تاوای لێهات هۆڵەندییەکانیش بوون بە دە یاریزان و پاشانیش هەریەکە یان بوون بە 9 یاریزان لە ئەنجامی دەرکردنیان بە کارتی سوور یان دووبارەبوونەوەی کارتی زەرد بۆیان. دەمەقاڵێ و مشت ومرێکی زۆر روویدا لەکاتی یاریکردندا، ناوبژیوانیش (ئیڤانۆڤـی روسی) هەرزوو زوو بێ بەزەییانە کارت بارانی دەکردن، تاوای لێهات

www.kurdistannet.org

**بەكاتی ناوەندی ئەوروپا**28-6-2006 17:07:00

ژمارەی كارتەكان گەیشتە 16 كارتی زەردو 4 كارتی سوور بۆ هەردوو تیپەكە.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێكردنە باجی هەر كارتێک لەو كارتە زەردانە 3000 دۆلاری ئەمەریكی یە، دەبێت لەلایەن ئەوتیپەوە بدرێت بە **فیفا**، وەک سزایەک بۆ یاریزانان و رێگە گرتن لە توندوتیژی نێوان یاریزانان.



لە كۆتایی یاریەكەدا چەند دیمانەیەک ئەنجامدرا كە ئەمانە بوون:

**ئەدوین ڤان دەر سار** - گۆڵچی هۆڵەندا:

بەختێكی باش بوو لەدەستمان چوو،
ئێمە بەهێزتربووین، بەڵام ئەوان زیرەكتربوون!.



**ماركۆ ڤان باستن**- راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا:

لە نمایشكردن پۆرتوگاڵییەكان لە ئێمە باشتربوون.زۆر هەوڵمانداو بەختمان تاقیكردەوە، بەڵام بەخت یارمان نەبوو، ئەویش بە هۆی سەرپێچییەكانمانەوە. بێگومان زۆر چێژو وانەم لەو مۆندیالە وەرگرت و بۆمن و تیپەكەم جێگای شانازی بوو (ئەوەی راستی بێت ئەوراهێنەرە زۆر خۆڕاگرو بەتوانا بوو، هێچ بەدەم و روخسارییەوە دیار نەبوو؟!، بە پێچەوانەی راهێنەری پۆرتوگاڵ، كە زوو زوو هەڵدەچوو)

**لویزفیلیپ سکۆلار-** راهێنەری هەڵبژاردەی پۆرتوگاڵ:



یارییەکی زۆر جوان و توندو سەرنج ڕاکێش بوو، هەردوولامان بەختی بردنەوەمان زۆربوو.
ئەوە یەکەم جارە لەژیانی وەرزشیمدا یارییەک بەڕێوەببەم بە نۆ یاریزان؟!.
تابلێی یارییەکی ئاگرین بوو، بەداخەوەبۆ هەڵبژاردەکەمان، کەلە چوارینەی کۆتایی من ناتوانم یاری بە دێکۆ و کۆستینها بکەم، چونکە هەردووکیان کارتی سووریان هەیە، بەهەرحاڵ خۆ!! من یاریزانی تریشم هەیە؟؟!!....

**جۆزیف سێپ بلاتەر** – سەرۆکی **فیفا**،



کە لە ڕۆژی 10ی ئاداری 1936 لە شاری ڤیسپ – سویسرا لە دایک بووە، هەشتەمین سەرۆکی فیفایە و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانکۆی سینت ماوریس کۆلێژا- لەبەشی کارگێڕی و ئابوریدا، بەم جۆرە هاتە دووان:
**ئیڤانۆڤ**ـی ناوبژیوانی ڕوسی لە ئاستی خۆی نەبوو وەک یاریزانەکان، بۆیە منیش دەبێت کارتێکی زەرد بدەم بەناوبژیوانەکە!.بەڕاستی ئەو دوو هەڵبژاردەیە زۆر بە تواناو سەرنج ڕاکێشن.

www.kurdistannet.org
**بەكاتی ناوەندی ئەوروپا**28-6-2006 17:07:00

ناوی یاریزانەكان و دابەشكردنی كارتی زەرد یا سوور بۆیان، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

<u>هەڵبژاردەی هۆڵەندا</u>

ئەدوین ڤان دەر سار – گۆڵچی
خالید بولاهرِوز – كارتی سوور
ئۆیەر
ماتایسن (56 ڤان دەر ڤارت - كارتی زەرد)
ڤان برۆنكۆرست - 2 زەرد= كارتی سوور
ڤان بۆممەل - كارتی زەرد (67 هەیتینگها)
سنایدەر –كارتی زەرد
كۆكو (84 ڤێننەگۆر)
ڤان پێرسی
رۆبن
كاوت

<u>هەڵبژاردەی پۆرتوگاڵ</u>

ریكاردۆ – گۆڵچی - كارتی زەرد
نونۆ ڤالێنتە – كارتی زەرد
مانیشە – كارتی زەرد
فیگۆ – كارتی زەرد (84 تیاگۆ)
پاتلێتە (46 پەتیت – كارتی زەرد)
كۆستینها - كارتی سوور
دێكۆ – كارتی سوور
میگڵ
كاراڤالهۆ
میرە
رۆناڵدۆ (34 سیماو)

---